# ماڵی وەقفكراو وسامانی گشتی زەكاتی تێدا واجب نیە، ئەگەر بەخرێتە بەرهەم هێنانیشەوە

< كوردي >

شێخ موحەممەد كوڕی صالح ئەلمونەجید

دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس:وەرگێران

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# المال الموقوف والعام لا زكاة فيه ولو استثمر

< كردي >

## الشيخ محمد بن صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# ماڵی وەقفکراو وسامانی گشتی زەکاتی تێدا واجب نیە، ئەگەر بەخرێتە بەرهەم هێنانیشەوە

ئـەم پرسیارە ئاڕاستـەی ماڵپـەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام کراوە :

**پرسیار :** ئایا ئـەو ماڵ وسامانە وەقفکراوەی کە دەخرێتە بـەرهـەم هێنانـەوە زەکاتـی تێدا واجب دەبێت؟ وەك ئـەو پڕۆژە گشتیانـەی کە حکومـەت دایاندەمـەزرێنێت و قازانجـەکـەی دەگـەڕێتـەوە بۆ خـەزێنـەی گشتی؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گـەورە ومیهرەبـان ودروود وصـەڵات وسـەلام لـەسـەر پێشـەوای مرۆڤایـەتـی محمدی پێغـەمبـەری ئیسلام و ئال وبـەیت و هاوەڵ وشوێنکـەوتوانی هـەتا هـەتایـە .

ماڵ وسامانـی وەقفکراو زەکاتـی تێدا واجب نیـە، لـەبـەر ئـەوەی موڵکی کـەسێکی دیاریکراو نیـە، خرا بێتـە بـەرهـەم هێنانـەوە یان نـەیشخرابێت، جا ئـەگـەر هاتوو ئـەو ماڵ وسامانـە وەقفکراوە خرایـە پڕۆژەیـەکی بـەرهـەم هێنانـەوە ئـەوا قازانجـەکـەی لـەو جێگا و کار وپڕۆژانـەدا خـەرج دەکرێت کە کـەسی وەقفکـەر دیاری کردووە، وەك بـەخشینی بـە هـەژاران و نـەداران و پـەککـەوتوان و قوتابیان و خوێندکارانـی زانستـە شـەرعیـەکان و هاوشێوەکانـی، جا هـەر کـەسێك لـەوانـەی ئـەو بـەخشینـەیان پێدراوە و ساڵـی بـەسـەردا گـەڕایـەوە و ئـەندازەکـەشی گـەیشتبوە ڕادەی ( نصاب ) یان لـەگـەڵ ماڵـی تردا گـەیشتـە ڕادەی ( نصاب ) ئـەوا زەکاتـی تێدا واجبـە، چونکـە ئـەو ماڵـە بـەخشراوە ئیتر بووە بـە موڵکی کـەسێکی دیاریکراو، و مـەرجـەکانـی زەکاتیشی تێدا هاتوەتـە جێ ..

پرسیاریش کرا لـە زانایانـی لیژنـەی هـەمیشـەیی بۆ فـەتوادان سـەبارەت بـە : یـەکێك لـە هۆز و قـەبیلـەکان ئـەندازەیـەك پارەیان پێکـەوە نا ( کە پێی دەڵێن سندوقی هۆز ) ، بۆ ئـەوەی ئـەگـەر پێداویستیـەك یان خوێن خۆش کردنێك ڕووی کردە هۆزەکـەیان لـەو کاتـەدا سوودی لـێ ببینن و بـەکاری بهێنن، ئـەم پارە کۆکراوەیـە لـە بازرگانی کردندا خرایـە گـەڕ، ئـەو پارە و قازانجـە گـەڕاوەیش دیسان خرایـەوە سندوقـەکە بۆ پێداویستی و خوێن خۆش کردن، ئایا پارەی ئـەو ( سندوقـە ) دانراوە زەکاتـی

تێدا واجبە، وە ئایا ئەگەر بهاتایە بازرگانیشی پێوە نەکرایە زەکاتی تێدا واجبە یان نا ؟ وە ئایا ئەو هۆزە مافی ئەوەی هەیە زەکاتی ماڵ وسامانەکەی بە زێر و زیوو بدات ؟

ئەوانیش لە وەڵامدا ووتیان : ئەگەر بێتو ئەو حاڵەی کە باسکرا وا بێت، ئەوا ئەو ماڵ وسامانەی کە باسکراوە زەکاتی تێدا واجب نابێت، چونکە وەك ماڵی وەقفکراو وایە، ئەگەر دانرا بێت یان خرابێتە بازرگانیشەوە، وە دروست نیە زەکاتی لێ دەربکرێت، چونکە ماڵێك نیە تایبەت کرا بێت بە هەژارانەوە یان بەو کەسانەی کە زەکاتیان پێ دەشیت ... [ فەتواکانی لیژنەی هەمیشەی بەرگی 9/لاپەڕە 291] .

شێخ محمد بن صالح ئەلعوثەیمین ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لەبارەی سندوقی کۆمەڵە وجەمعیەی یەکێك لە گوندەکانەوە پرسیاری لێکرا، کە دانیشتوانەکەی مانگانە بڕێك پارەی تێدەخەن، بۆ یارمەتیدانی هەژاران و ڕووداوی هاتوچۆ و خوێن خۆشکردن و قەرزدان بەو کەسانەی پێویستیان پێیەتی یان بۆ پڕۆسەی ژنهێنان بۆ گەنج ولاوان ؟

بەڕێزیان لە وەڵامدا ووتیان : ماڵ ودارایی ئەو سندوقە زەکاتی تێدا واجب نابێت، چونکە بەدەرە لەوەی موڵکی ئەو کەسانە بێت کە پارەیان خستوەتە ناویەوە، وە خاوەنێکی دیاری کراوی نیە، زەکاتیش لە ماڵ وسامانێکدا واجب نابێت کە خاوەنێکی دیاریکراوی نەبێت، [مجموع فتاوى ابن عثيمين" (184/18) ] .

هەروەها دەڵێت : ماڵ وسامانی دەوڵەت دەڕواتە دارایی گشتی وبەیت وئەلمالەوە، خاوەنێکی دیاریکراوی نیە، بۆیە زەکاتی تێدا واجب نابێت..

لەکۆتاییەوە دەڵێین : ماڵ وسامان ودارایی ووڵات یان بە دەستەواژە شەرعیەکەی بڵێین ( بيت المال ) هەروەها ماڵی وەقفکراو زەکاتی تێدا واجب نیە، لەبەر ئەوەی خاوەنێکی دیاریکراوی نیە، جا چی خرابێتە بەرهەم هێنانەوە، یان نەیشخرابێتە بەرهەم هێنانەوە ..

خوای گەورەش زاناترە ..

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەڵام ..